هەشیار زەباری: ئەمەد دەکەین کابینەی نوێ بە زووی پێکبهێندرێت

سەرۆکی شاندی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئەمەد دەکەین کابینەی نوێ بە زووی پێکبهێندرێت و کەبوونەوەکانیش بەباشی بڕۆوەدەچن.

ئەمە چوارشەمە، 16ـی نیسانی 2025، هەشیار زەباری سەرۆکی شاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: کەبوونەوەکان لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکوومەت بە باشی بڕۆوەدەچن.

هەشیاری زەباری گوتی: وەرەقەی سیاسی و بەرنامەی حکوومەت کۆتایی هاتووە، ئێستا لە قۆناغی دابەشکردنی پۆستەکانین.

باسی لەوەش کرد، ئەمەد دەکەین کابینەی نوێ بە زووی پێکبهێندرێت و ئەمەش شاندی ئەمە لە دیداری سلێمانی ئامادە بوون و دوێنێش لە پیرمام کەبوونەوەیەکی زۆر گرنگمان ئەنجامدا.

هەر لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێ، ئەمە سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی ڕایگەیاند: پێیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لە ئاستێکی باشدان و کەبوونەوەکانیش بە باشی بەڕێوە دەچن و هیوادارین بتوانین لە ماوەیەکی کورتدا حکوومەت پێک بهێنین.